# ژووانی سیهەم و چوارەمی

# دوو بۆڵە ترێی سووری دەمی خوا

جەزا چنگیانی

جەزا چنگیانی غەمم لەوەدا بوو . من دەمویست بیمڕم، ئەو نەیدەهێشت، دوایی زانیم ئەو ڕاستە و من هەڵەم . دووبۆڵ لە هێشوە ترێیەکی سووری دەستی خوا، ترازانە سەر زەوی و بەڕووی ئەودا لکان . بوون بە دوولێوی تەڕ و سووری ناسکی ڕوویەکی جوان . کە منداڵ بوو، بە جوانی ڕووی خۆی نا ئاشنا بوو، منداڵێکی بزیووی باڵابەرز، دووچاوی شینی گەش، قژیکی پڕ شەپۆلی دریژ . ڕۆژێکیان بەڕێکەوت لەبەردەم ئاوێنەی ژووری گەرماوەکەیاندا سەیری خۆی دەکرد . لە ناو ئەندامەکانی ڕوویدا لێوەکانی لە هەموویان زیاتر لاجوان و بەدڵ بوو، بزەیەك گرتی و لێوەکانی فراوان بوونەوە ; زانی نهێنی جوانی ڕووی بە دەم و ولێوویەتی، لەتەك وێنەکەی خۆیدا کەوتە گفتوگۆیەکی بێ ووشە . بە ئەسپای سەری زمانی باریك کردوە لێوەکانی پێ ختوکەدا . نەرم ونیانی و تەڕی وپاراوی لێوەکانی بە ڕۆح ئاشناکرد . وەك زیاتر دڵنیای بە خۆی بدا وڕاستگۆی زمان و ناسکی لێوی بۆ دەرکەویت . دڵی پەنجەیەکی بە لێوەکانیدا خشاند . جارێکی تر زمانی لە ناو دەمیدا تەڕکرد و بەسەر پانتای لێوەکانیدا هانی و لێوەکانی بە تەڕای زمانی ڕەنگیان سوور هەڵگەران، هێشتا منداڵ بوو بیری لە بەکارهێنانی ڕەنگی لێو نەکردبووە، کەچی ڕەنگی لێوەکانی وەك سوراوکرابێتن ئاوا ئالابوون . دەستێکی بە برۆکانیدا هانی و چاوەکانیشی خستە ژێر سەرنجی بینینەوە، ئەم بەشەشیان جوانە و بێ هەڵگرتن برۆکانی هاو سەنگی وێنەیەکی جوانی چاوەکانی کیشابوو . پەنجەیەکی دەستی کرد بەشانە و لە ژێرەوە شەپۆلی قژەکانی پێداهانی، هەمووپارچەکانی ڕووی (چاو، لوت، لیو، ڕوومەت و قژی) تێکەڵاوکرد و وێنەی ڕووی کیژۆڵەیەکی تەمەن خونچەی کێشا . کەمێك لە خۆی ڕاما، قریوەیەکی کرد و ئاوینەکەی بەجێهیشت . لە ناو دەرگای گەرماوەکەدا وەك پێ بلێ جارێکی تر دێمەوە بۆ ژووانت ئاوڕێکی لە ئاوینەکەدایەوە. لەسەرقەنەفەی ژووری میوانەکە بە پشتا پاڵکەوت، دەستێکی خستە ژێر سەریەوە، دەستێکی تری خستە سەر نەرمای سکی بەدڵی پەنجەیەکی ختوکەی پێستی سك ونەرمۆڵەکانی دەوری ناوکی دەدا، لە تەك نەرمە خەیاڵیدا گەمەی بە لاقەکانی دەکرد، بیری لە قۆناغی نۆی ژیانی دەکردەوە، پرسیارێك هەستی ڕاجڵەکان و قاچەکانی لە جوڵە خست، هەر بە پاڵکەوتنەوە کەمێك سەری بەرزکردەوە بە دەستێکی یەخەی بلوسەکەی فراوانکرد و دووگۆپکە پەمەیە تازە هەڵتۆقیوەکەی سەرسنگی . حەزێکی گڕاوی بۆ بیینی جەستەی لا دروستکرد، لەسەر قەنەفەکە ڕاپەری و بە پرتاو بەرەو ژووری گەرماوەکە ڕایکرد . دەرگاکەی لەسەرخۆی داخست، چووە بەر ئاوینەکە، بە پەلە بلووسەکەی داکەن، جووتی گۆمەزی هەڵتۆقیوی گۆپکەداری پەمەی سەرسنگی بە قنجی بینی، لیاّن ڕاما و بەئاستەم بە پەنجەیەکی دەستی ڕاستی ختوکەی گۆپکەی مەمکی چەپی دا، وەك قەبارەی بپێوێ مستی پیداکرد، خۆی بە خاوەنی سامانێکی مەزن دانا، بیری لە ناوك وخۆارتری جەستەی کردەوە تائیستا بە هەستەوە دیقەتی گەنەمووە ئالۆسکاوە نەتاشراوەکانی بەر موسەڵانی نەدابوو . . زنجیری پانتۆڵە کابۆکەی ترازان، تا سەر ئەژنووەکانی ڕووتیکرد و بەئەسپای دەرپێ کورتە تەنکەکەی داکەن، هەناسەیکی بە تووکە ئالوسکاوە پلیشاوەکانی ژێر دەرپێکەی دا و گومەزە گۆشتنە خرپنەکەی بەرموسەڵانی کەمێك گوومەزتر بوو، مستی پیداکرد و کەمێك بێخی تووکەکانی ختوکەدا . چونکە یەکەمجاربوو لەویستی ڕۆحیەوە دەست بۆ بەرموسەڵانی بەری شەرمداگیرت و لە ناو ژوورە تەنیاکەی گەرماوەکەدا ئاوڕی شەرمی بەلای چەپ وڕاستی خۆیدا دایەوە، پشتی کردە ئاوێنەکە، لە دواوە ڕووانیە گۆپکەی سمتە قنجەکانی وچەند جارێك بە لەپی هەردوو دەستەکانی هەڵیگلۆفتن . هەموودیمەنە شاراوە جوانەکانی لەشی خۆی بینی . بڕیاریدا کوڕێکی قۆز وجوان نەبێ ڕێگە نەدا هیچ پیاّوێکی دەم و لیو زبر وبلح پەی بە ئەندامەکانی لەش و لێوە ناسکەکانی نەبا، هێندە شەیدا بوو دوای چەند ساڵێ ئەم بەڵێنەی خۆی لەبیرچووە وە . گەلێك لێوی زبر، لێوەکانی هەڵمژی، گەلێك دەست وپەنجەی تووکاوی شلکەی مەمکەکان و گۆپکەکانی تۆران، گەلیك زمانی

پیاوی بلح گۆپکەکانی سمت و ناوشان وسنگی لستەوە، خەرمانەیە درۆی پیاوی لەمیژۆویدا کەڵەکەکرد، چەندەها ژوانی بە کۆرپەی سەربری، بەشی لە تەمەنی بەبێ هەناسەی عەشق بەرێکرد .

(نازانم، دەکرێ لێو و لەشی من تایبەت بێ و پیاوان لە نهێنیەکانی نەگەن، بۆیە تائیستا پیاویک نەیتوانیەوە وەك من گەرەکمە کۆرپەی رۆحم بلاوینێ) .

لە بەر ئاوینەکەدا وەستابوو تووکەکانی سەری پرژ دەکرد و بە دوای ژمارەی مووە سپێەکانی سەریدا دەگەرا، هەر کاتیك تووکێکی سپی زیاتری ببینایە، دڵخۆشی خۆی بە جوانی لێوەکانی دەدایەوە .

(با پیریش بوبیتم، لێوەکانم هێندەی لیوی کیژۆڵەیەکی خونچە تەمەن ناسکترە)

ژووانی یەکەم : لەژیانیا یەکتریان نەبینی بوو تەنیا لە دوورەوە لە یەکێ لە هاورێکانی ناوی بیستبوو، هاورێکەی هێندە باسی رۆمانسیت و رۆح و ناسکی ئەوی بۆکردبوو بە پەنجەکانی دەستی رۆژی هاتنەکەی دەژمارد . پێش بینین لە دەروونی خۆیدا وینەی پیاوێکی کیشابوو کە جیاواز بوو لە گشت ئەو پیاوانەی تائیستا رۆح ولەشیان توراندبوو . ژووانێك دروست بوو . لە قاوەخانەیەکدا دانیشتبوون تا کاتی ژووانەکە کەمتر ببوایەتەوە، میلی کاتژمیرەکەش خیراتر دەبوو . لە ناکاو هاورێ میوانەکە راچڵەکی و بەر و خانمێکی شۆخی قژ سوور و چاوشین رویشت باوەشێکی هاوریانەیان بە یەکدا کرد و لە دوورەوە ئاماژەی بۆ میوانەکە کرد، بەیەك ئاشنا بوون، لێك نزیك بوونەوە و دەستی رێزی ماچکرد، هەرسێکیان لە دەوری مێزێك خربوونەوە چاوی شینی ئەم و قاوەی میوانەکە لە ووشەکانی سەرزاریان زوتر و ئازاتر ویستی هەردووکیانی ئاشکراکرد و لە یەکەم سرپەی هەناسەیاندا تەز و ووزە شەهوەتاویەکانی رۆحیان تیکەڵاو بوون، نیگا و بزە و حەز و رۆحیان وا بەچری تیکەڵاو بوون هاورێکەیان کەوتە کەنارەوە. کورسێکەی وەرچەرخان و چاوی بەناو قاوەخانەکەدا دەگێرا . بۆ ئەم باسکردنی ناسکی لێوی و جوانی چاوی رستەیەکی نامۆ و نۆی نەبوو، چونکە لە سەرەتای هەموو ژوانێکی نۆیدا پیاوان باسی لێویان دەکرد . بەڵام ئەم وانەبوو پیش ووتنی تاقە ووشەیەك پردی تەزوە روحیەکانیان زۆر توون‌د دەروونی هەردووکیانی پیکەوە گریدا . چاوەکانیان تیریان لە یەکتری نەدەخوارد و بێدەنگیش چرکەکانیانی جەراند بوو .

- بۆ بێدەنگی ؟ میوانەکە ووتی
- بزەیەك گرتی وەڵامی نەدایەوە وەك گەرەکی بێت ئەو سەرەتای چیرۆکەکەیان بنوسیتەوە .

بە دەنگێکی نێرینەی ئارامەوە ووتی :

- تۆ دەزانی ئەگەر لێوەکانیشت نەجولێنی، ووشەیەك نەدرکێنی، لێوەکانت بە بێ دەنگی سرپەی شیعرێکی رۆمانسی بە رۆحدا دەچرپینن . ؟

(چاوەکانی گەشتر کردو زەردەخەنەیەکەی سوپاساوی و بزەیەکی نازداری بۆ ئەو سەرنجە جوانەی لێوی پێشکەش کرد، دەستی خستە سەر دەستی و بە دڵی پەنجە ونینۆکە سوورکراوەکانی ختووکەی بێخی تووکەکانی دەست و مەچەکی دەدا)

– زۆر پیاو باسی ناسکی و جوانی لێویان کردووم، بەڵام کەسیان هێندەی ئەم رستانەی تۆ رۆمانسی و شاعیرانە بە ووشە لێوەکانمیان نە مژیوە .

دەیزانی لە ناو چاوەکانی قاوەخانەکەدا ملوانکەی ماچەکان ناهۆنرێتەوە.

(ئیوارەیە و کۆترە عاشقەکانی ئەم شارە پر شۆخە، سەمای باوەش بەدەوری چرکە داهاتووەکانی رۆحی دوای زەردەی رۆژ دەکەن) .

لە داخۆازی دڵی گەیشت .

داوای لێبوردنیان لە هاورێکەیان کرد و قاوەخانەکەیان بەجێهیشت، بێ هێچ ئامانجی بەتەنیشت یەکەوە شەقامە سەرەکێکەی شاریان دەبری .

- ئەمە یەکەم جارە بێت بۆ ئەم شارە . ؟

- نا دووهەم جارە، وەلێ یەکەم جارە لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەم شارەم خۆش بویت .
- تەنیا شارەکە .
- نا . . هەناسەی کۆترە عاشقەکانی .
- کوام کۆتری عاشق ؟
- بڕوانە ئەم شارە هەمووی عاشقن . ئەو هەموو جەستە باوەشپیاکراوەنە گشتی عەشقن .
- ئەی تۆ ؟
- منیش .
- عاشقی کی ؟
- هی ئەم ژووانە ڕۆمانسی یەی تۆ .

پرسیار و وەڵامەکان بۆاری ناسینی نێوانیانی کورت کردەوە و کردنی بە ئاشنا و شەیدایەکی تەمەن دریژ . پەنجەکانیان شەرمیان شکاو بوو، تیکەڵاوی یەکتری ببوون شەرمە ڕۆحیەکان، ترسە زبرەکانی پیاوە بلحە درۆزنەکانی میژوویی، لە کۆڵ دڵەخورپەی حەزی ماچ وباوەش کردەوە . باوەشیان بەیەکداکردبوو، سەریان هێندە لەیەکەوە نزیك بوون تووکە ڕەش و سوورەکەی سەریان، پێش جەستەیان تیکەڵاو ببوون ؟

- بۆ کوی بڕوین ؟
- بۆ ئەوشوینەی هەستە ڕۆمانسیەکان تیدا گەشە بکەن، دەبێ ئیمشەو تۆ ڕیببینم بی بچین بۆ ئەو شوینەی بڤە نەکەنە بەری ماچەکانمان ؟

کە ووشەی ماچی دەبیست موچورکە بەرۆحیدا دەهات، مووچورکەی حەز و مووچورکەی ترس، لەبەر ئەوەی زۆر لێوی زبر، لێوەکانی ترساند بوو، لە مێژەوە مەڵوی حەزی ماچی ڕۆمانسی لە رۆحیا خەرمانەی خست بوو و چاوەڕی شنە بای دەروونی نێرینەیەکی بەهەست بوو . ئاخر وایە هەموو پیاویك نازانی ماچ بکات، چونکە ماچ هونەرە . تەنیا مژینی گۆپکە و شوینە ناسکەکانی لەش نیە . ماچ هەڵمژینی ڕۆحە، ڕۆحیش زۆر ناسکە . بۆیە تەنیا هەستە ناسکەکان دەتوانن پەروەردەی بکەن یانی عاشق هونەرمەندی ماچە . ئەمانە و هەزارەها ڕستە ویستی دڵی چاوەڕوانی بەستبووەوە بە رۆحی میوانێکی کەم تەمەنی شارەکەیەوە . بیری لە قسەکانی هاوڕێکەی دەکردەوە.

(ئەگەر ئەو میوانە دوورە ووڵاتە هات ئاگات لێبێ، ئەو قەدەرێکە تەنیایە، وەلی لەبەر گڕی حەزە دەرونێکاندا دەواری حەزی هەڵداوە، ئاگات لێبێ . ئەو میوانە دوورە ووڵاتە نووسەرێکە ڕستەکانی دەکات بە چاوەزار و لە گەردنی عاشقانی ئەم دنیایەی دەدا، خەمخوری زەردەخەنە تۆراوەکانی مرۆڤە، زۆر عاشقە عاشقی گۆپکە . لێو، بنباخەڵ، بەرمووسەڵان، تاڵ تاڵی بۆنی قژی ئافرەتە . زۆر ناسکە ناسکترە لەو هەستەی تەمەنێکە تۆ وێڵی بە دوایدا) .

بەبێ دەنگی گەیشتنە قەراخ ڕوباری (نێڤا NEVA) ئاوڕێکی لێدایەوە پیش ئەوەی لیوەکانی ووشەکان پەرش بکات بە شنەیەکی شینی چاوەکانی با ئەم ئیوارە ناسکەمان لە نێو ڕووبار و بەلەمدا بنەخشینین .

ئیوارەیە و کزەبایەکی بەئاستەم گەرووی شار و باڵای ڕووبارەکەی گرتبوو، لە ناو بەلەمەکەدا پێکەوە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون نێوانیان تەنیا بە ڕەنگی بەرگەکانیاندا جیادەکرایەوە، دەستێکی لە دەستیدا بوو دەستێکی تریشی لەسەر شانی وەك دووعاشقی ئاشنای چەند ساڵ لەیەك دابڕاو جووت بوون . ئەم زیرەی بۆ لێوەکانی ئەو کردبوو، ئەویش سوتاوی هەڵمژینی هەناسەی ئەم میوانە تازەیەی بوو . ملی لارکردەوە ڕوومەتی ماچکرد و ئەویش سەری کەمێك جولاند تا لێوە قاوەیەکانی فراوانترین پانتای ڕوومەتی بگرێتەوە . لێوەکانی بەرەو سەرەوە خشاندو چەپکی هەناسەی گەرمی بەگەردنیا پژان وشلکەی گۆێکانی مژی . تاماچەکان کاتیان زۆر بوایە ئەو ئەوەندا بە گوشینی پەنجەکانی ڕەزامەندی ماچەکانی ئاشکرا دەکرد ؟ زۆر شارەزا بوو لە هەڵبژاردنی شوێنی ماچەکان، هەموو ڕەگە ووریلەکانی رۆحی لێوی دەزانی ماچی دەکرد . کە گەیشتە سنور لێوەکانی موچرکەیەکی ناسك گرتی و

**پەنجەکانی خستە سەر لێوە قاوەیەکانی و بەچاو پێ ووت (هێشتا زووە بۆ ماچی ناو دەم . دەزانم مامۆستای ماچی، ئارام بگرە تا ترسی ماچە زبرەکانی پیاوە بلحەکانم لەیاد بچێ .**

**سەریان نابوو بەسەری یەکتریەوە پێکەوە دەیان ڕوانیە شەپولی ڕۆبارەکە و هەریەکەیان بەجیا بیریان لەچەند کاتژمێری داهاتووی دوای سەفەری سنگی رووبارەکە و شەو دەکردەوە .**

- **نا ئیمشەو ماچی ناو دەمی نادەمی . . . . تا ژوانی بەیانی حەزی بکوڵی، هەناسەی دەروونی بمسوتینێ، تا ژوانی بەیانی ماچی ناو دەمی نادەمی . تا حەزی سوویی دەبیتەوە . ئای کە خۆش دەبێ بەو هەموو گڕەوە ناو دەمم بمژی . . . نائیمشەو ماچی ناو دەمی نادەمی .**
- **نا با ئارام بگرم، با لێوەکانی بۆنی شەرابی خواشی لێبێ، دیارە زۆر ترساون زۆر بە لێوی نەشارەزای پیاو ڕوشاون . ئا وایە شەرابی لێوەکانی تا کۆن ببن تامی خۆشتر و کاری مەستی زۆرتر دەبێ .**

**ژووانی دووەم : وەك حەز بە ئازاری چاوەڕوانی بکات، پێش کاتی هاتنەکەی بە ماوەیەك چووە شوێنی ژووانەکە . . . هەر کە لە دوورەوە دەرکەوت دیمەنی جوان و ڕێکخستنی قژ و سپۆرتی جل و بەرگەکانی زانی ئیمشەو پلانێکی عەشقنی بۆ سەمای چرکەکانیان داڕشتوە . وەك گەرەکی بێ چاوە بێگانەکان دیمەنی ماچەکان نەبینن، وەك گەرەکی بێ چاوی زەقی پیاوە چڵیس و سەرخۆشەکان موسیقای ماچەکان نەشلەقینن . بردیە سوچی باڕێکی تاریکەوە . هەردووکیان لە دەوری ئەو پرسیار کۆبووبەنەوە ئیمشە و ملوانکەی ماچەکان دەهۆنینەوە . ؟ ئیشمەو لێووەکانمان تەزووی ئاشنای و حەزی یەکتری دەمژن ؟، هەناسەمان، تەڕای سەری زمان و دەممان تیکەڵاو دەبن . ، ئیمشەو پەنجە تووکاویەکانی بە گۆپکەکانم تێر شەهوەت دەبن ؟، ئیمشە وچی ڕودەدا، چۆن هەنگاو بنێم ؟ چۆن هەنگاو دەنێت ؟، لەچیەوە دەست پێبکەین . ؟ پەرداخە کۆنیاکەکەیان بەرزکردەوە بە خۆشی شەوێکی باوەشاوی ڕووت قومیان لێدا . تا ژمارەی قومەکانیان زیادی بکردایە ئۆقرەیان باڵا دەبوو . لە تەنیشتیەوە هەستاو هەردوو ڕانەکانی جووتکرد و چوە باوەشیەوە و پیش ئەوەی لێوەکانی بمژێ، وەك ئامادەی چەپکە ماچیکی گەرم بکات بە دڵی پەنجەکانی کەمێك ختووکەی لیوەکانی داو دواجار سەری زمانی ترازاندە نیوان لێوە قاوەیەکانیەوە و گریێ ماچێکی دریژیان بەست، وەك لە تاقیکردنەوەیەکی جارەنووسیدا سەرکەوتوو ببووبێت، ترسی ماچی لا نەما، پەنجەکانی خستە نێو قژە ڕەشەکەیەوە سەری خستە نێوان مەکەکانیەوە، ئۆخەی بە ڕۆحیدا تێگەیشت ئەم میوانە ڕۆمانسیە وەستای چنینی گوڵی ماچە . ئەو شەوە چەند ژمارەی پێکی کۆنیاکە بەتاڵەکان زیاد ببوایە ملۆانکەی ماچەکان دریژ تر دەهۆنرانەوە، تا مۆسیقا و تیشکی گڵوپەکانی باڕەکە کۆتای شەوەکەی نەچرپان، ئەوان لە چنینی ماچ نەبوونەوە .**

**لەنیوان ئاسمانی مۆسکۆ و فرانکفورت دا** 2003/05/05

**ژوانی سیهەم :**

**کە تۆ ڕۆیشتی بۆ دواکات نیگای چاوەکانمان لە یەك پچڕا، ... .شەو و ڕۆژێکی تەمەنم بەبێ خەو بەیەکەوە گرێدا، . . . . چواری بەیانی بوو، مێزەکەمان جێهێشت، هێشتا تەڕایی لێوەکانمان بە لێوی پەرداخە کۆنیاکەکانەوە، ووشك نەبووبوونەوە، مۆمی سەرمێزەکە، تەنیا کەوت و هێندە بە خووڕ بۆ کۆتایی تەڵخی ژووانەکەمان گریا . . . تەمەنی لە تەمەنی دوا نیگای چاوەکانمان کورتتربوو .**

**کە باڕەکەمان چۆڵکرد زۆر بە ساردیەوە دەستی یەکتریمان گرتبوو . . . لاقەکانمان توانای هەنگاوی بەرە و خاڵی جیابوونەوەمانی نەبوو، بێ پڕۆشەی ئاوڕشێنی ڕۆح ماچ . بێ باوەش و سۆز . . . دەست و ناوچەوان ماچکردن، قژ بۆنکردن و ئاوڕدانەوە . لەبەر قاپی باڕەکەدا هەر یەکەمان دژە ڕێچکەی ڕێگەیەکمان گرت . چەند هەنگاوێکمان بڕی، لە ناکاو زریکەی ماچە سەربڕاوەکانی ڕابووردوومان، ڕۆحمانی ڕاچڵەکان و لاقەکانمانی لە جووڵە خست . لە جێگای خۆمان ڕەق بووین و ئاوڕمان لە یەکتری دایەوە، ئەو لە سەر لا وەستابوو، دەستەکانی خستبووە گیرفانی**

**پاڵتوە چەرمە سوورەکەیەوە . چاوەشینە خەواڵو و ماندووەکانی نقومی کۆمەڵە پرسیارێکی ئاڵۆسکاوی ئایندەی ببوون .**

**پڕ بە دڵ دڵم دەیویست بۆ دواجار . دوو بۆڵە تریێ لێوەکانی، گەر بە لێوەکانیشم نەبێ، کەمێك پەنجەکانم شیلەی بمژن، وەلی چاوی زەردی دڕکەزییەکانی سەر لێوی، چاوی حەز و دڵی پەنجە و نەرمی لێوەکانمی تۆقاندبوو .**

**وەك دوو مۆمیا بەرامبەر یەك وەستابووین، نێوانمان بە قولانجێك دەپێورا و شەیدای باوەشی یەکتر بووین .**

- **بۆچی وەستای ؟ !! بۆچی هاتی ؟!! چیت لای من جێماوە ؟ و پێم ڕەوانابینی ؟؟ دەزانم تاوانبارم گەر لێوەکانم بە یاسای ڕۆحی پیرۆز و ڕۆمانسیتت حەرام بوون، تکایە وەك خێریش بێت . . توو خوا تا زمانم ووشك دەکات، بۆ دوا جار بیمژە و قردێلەی یادگارێکی ڕۆمانسی لە ئاگریجەی میژووە کورتەکەمان بدە، ئاخر دڵرەقی لە تۆ و ڕۆحی ڕۆمانسێتیت نایە، بۆ بە درێژای شەوەکە تاقە قردیلەیەکی ووردی ماچت لە ئەگریجەی ڕۆحم نەدا ؟؟ ئایا ئەمە تاوان نیە لە ڕۆح دەکری؟؟ خۆ مەلۆتکەی نووسینەکانت بە ڕۆح قووماتکراوە ؟؟؟. . . . . . ئەی بۆ هاتووی ؟؟؟ دەتەوی قەدی باڵای غەمەکانم بە باڵای خۆت بپیوی . ؟؟**

**(لە گەڵ ووشەی پرسیارەکاندا هەزارەها وورده دڕکەزی لێوەکانی بە ڕۆحمدا دەچزان)**

**_ نا بۆچی نالێت هەردووکمان وەك میقات و لەم کۆتاییە پڕ داغەدا لە یەك ساتدا وەستاین؟؟ من وەستام لەجیاتی هەڵمژینی بۆنی گۆڵی لێوەکانت، چەپکە دڕکەزییەك بچنم و بیکەم بەیادگاری تەڵخی کارەکانت و بە کۆتایی ئەو میژووەیەی . تۆ پاڵەوان، نووسەر، ڕۆح، هێز، ناو، هونەری و تەڵخکەری و خاشکەری دوا دەنکە گەوهەری ملۆانکەی ماچەکانمان بووی،**

**_ من نووسەرنیم . . . تۆ لە ناو نووسینەکانتا دەژیت، چەپکە دڕکەزی بۆ یادگاری نووسەرێکی ڕۆمانسی هەڵنجی خوێنی لێدی . . . توو رۆحی ماچەکانی سەرەتایمان . . . وێڵم بکە، لە فەرهەنگی حەز و ڕۆمانسیتی خۆتدا تووڕم بدە، ، ، توو خۆا وەرە قردیلەی یەك ماچ لە زمانم بدە .**

**(وەك دوو تنۆك فرمێسکی قەتیس ماوی چاوی شەوەکە بە یەکەوە وەستابووین)**

**_ INNA بۆ وات لێهات ؟؟. بۆ ڕێگەت دا وات لێ بکەن، ؟؟ کردیانی بە بازرگانی ماچ وهەڕاچکەری گۆپکە ومەمك ولەش . لێم ببورە، ناتوانم وەك ژووانی یەکەم ودووهەم بۆنت بکەم، ماچت بکەم، پەنجەکانم لەپەنجەکانت ترساون . لێوەکانم لە لێوەکانت تۆراون !!! لەوساتەوە کردیانی بە کاڵا . . گۆڵی ماچی لێوەکانتیان بە تۆوی دڕکەزی ڕووان . . . ناتوانم ماچت بکەم، لە ژوانەکانی ڕابووردوودا بۆنی دەمت بۆنی بەهەشت و لێوەکانت تامی بۆڵە تریی دەستی خوا و قژەکانت بۆنی پەنجەی شانەی کەنیزەکانی دەوری خوای لێدەهات . تامی گۆپکەکانی مەمکت، تامی خونچە تازە پشکووتوەکانی باخچەکەمی هەبوو، ئەمە چی بوو کردتت . ؟؟؟ چیت لە خۆت و من و میژوویەکی پڕ واڵا وچەپکە ماچ کرد ؟؟؟ قەدەرێکی خۆش . بوکێکی ڕووتی چاوشینی ژێر خێوەتی شەو و ئاسمانی ڕۆمانسی حەزەکانم بووی، ئەرێ دوای من کێ دەزانی تەڵەی چ دۆلار و ئەورۆیە گۆپکەی سمت و وگۆی مەمك و سەرتاپای لەشی ڕووتت دەچنێ . ؟؟؟؟**

**_ لەم پرسیارانە گەڕێ قوتابخانەی من سەرسەری وهی تۆ جوانی و ڕۆمانسی، من دەزانم نە کەڵکم بۆ تۆ، نە بۆ هیچ پیاویکی تر و خۆشم نییە . دەزانم ئەو ڤایرۆسانەی منیان تەپان . تۆوی دڕکەزیان لە سەر لێوم ڕۆان، گشتی ماکی هەناسەی دەمی پیاوانی بلح و خاوەن دۆلار و ئەورویە، ئاخر بۆیە بە هەناسەی لێوی ڕۆمانسی تۆ نامۆن و دەبینی لە جیاتی گۆڵ دڕکەزی دەردەدەن، لێم گەڕی لە توونی ئەو تاریکیەدا بژیم کە بە کاڵفامی هەڵمبژارد .**

**(ڕەنگی چاوە شینەکانی وەك ڕەنگی گڵۆپێکی کزی شینی سەر ڕووی چەند دڵۆپ شەونمی سەرلە بەیانی . . . لە ناو فرمێسکە قەتیسماوەکانی چاویدا پریشکی شینی دەکێشا .)**

لیٚ نزیك کەوتمەوە . . . قولانجەکەی نیوانمان تەسك بوەوە . بە نیازی مژینی سەری زمانی لیٚوەکانی بە ئاستەم لەیەك ترازان و سەری زمانی بۆ مژین ئامادەکرد . نە پەنجەکانم، نە لیٚوەکانم زاتیان نەبوو لە دەم ولیوی نزیك ببنەوە .

_ ئەی گوڵە هەڵوەریوەکەی سەر پیٚخەفی دۆلار و ئەورۆ . کە دەزانی من ناتوانم چەپکە درکەزی لە لیٚوەکانت بچنم . و تەڕایی سەری زمانت بمژم . ڕیٚگەم بدە با چەند تاڵ لە قژی سوورت بکەم بە پرچیٚکی سوری باریك و لە ناوچەوانی ماچەکانی ئەرشیفیمانی بدەم . .

(بەهەنگاوی پاشی . . . پاشەوپاش و ووردە ووردە لیٚم دورکەوتەوە) چاوەکانم لیٚنەتروکاند، تا وەك پەڵەیەکی ڕەش . . . . تاریکای شەوەکە قوتیدا .

ژوانی چوارەم : بۆ هەمیشە نەمبینیەوە.

30، 05، 2003

لە شەمەندەفەری نیوان مۆسکۆ و سانپیتربۆڕگ

**ئەم کورتە چیرۆکە پیٚشکەشە بە برای پیشمەرگەی میدیا (کوردستان نیت) کاك عومەر فارس بە هیوای ئەوەی لە دوای ماندووبوونی کارەکانی بە خوٚیندنەوەی کەمیك ماندوی بحەویتەوە . چنگیانی**